# نەفرەت لەو دەسەلاتەی نغرۆی گەندەڵیەو غەرقی خوێنمان دەکات

## هانا شوان

من و دوعا جیاوازیمان نیە هەر هاورەگەزەکانی من و دوعایە بەرلە کوشتن پەنجەکانیان دەبرن .هەرهاورەگەزەکانی من و دوعایە لەلایەن بەر پرسە گەورەکانەوە باندی بازرگانی پێوە کردنمان بۆ دانراوە , لەم کوردستانەدا هاورەگەزەکانی من و دوعایە دەسوتینرێین و رێکخراوەکان دەڵێن ئامارەکان راست نیە , ئەوەشی دەمانسوتێنێت ,بۆ ئەوەی نیگەران نەبێت بە سەفەر دەینێرنە هەندەران .شاندی ئەو رێکخراوانەشی کە بازرگانی بە خوێنی ئێمەوە دەکەن ,بەردەوام بەرێگەی هەندەرانەوەن و سەرقاڵی ۆرك شۆپن . حکومەتیش بۆمان دەگری. ,هاورەگەزەکانی من و دوعا رۆژانە لە فەرمانگە لەسەر جادە لە ماڵەکان لە خوێندنگەکان سوکایەتی تا دەگاتە رادەی ئەتك کردنی جەستەی کوژراومان پێدەکرێت کەسیش نیە بتوانێت بەر بەم وەحشیەتە بگرێت.

حکومەت دەسەلاتی تەنها لە ئاستی گەندەڵکاراندا کار دەکات پارلەمانیش بۆ داوای موچەو سەیارە جەلەسەکانی تەرخان دەکات نەك ژیانی من ودوعا و هەزارەها دوعا. دەزگا ئەمنیەکانی ئەم وولاتە کاسبیەکەیان لەسەر رۆژنامەنوس و کەسانێك بیانەوێت دەنگ هەڵبرن وەستاوەتەوە و جارجارەش لە ترسی فشارە نێو دەوڵەتیەکان لێبوردنێك دەرئەکەن.

رۆژنامەنوس هێندەی ووت و گوێیلێنەگیرا بێزار بووو, رۆشنبیر دەیزانی گوێی لێناگیرێ هەر لە سەرەتای کارەساتە کانەوە بێدەنگ بووو, هەموو کایەکان پاوانن پاوانی دەسەلاتێك لەسەر خوێنی بێدەسەلات دەژی لە سەر بێکەرامەتی کردن بە هاولاتیەکانی دەژی زۆریش دوا ی لێکراوەو داوای لێدەکرێت بەلام ئەو هەر بێدەنگ دەبێت ساڵەهایە بێدەنگە و ئەو خوێنەی دەرژێ نەیهێناوەتە گۆ ئیدی لای ئەو چیە کچێك بکوژرێت یان نا گەر مەسەلەکە پەیوەندی بە کۆمپانیایەك یا شێوەیەکی تری خەڵەتاندنی میللەت یا خزمەت کردن بە عێراق یا خزمەت کردن بە دەوڵەتانی دراوسێ بوایە دەمێك بوو لەو ژورە رازاوە داخراوانەی پلانی ئەتك کردنی ئافرەتانی ئەم وولاتەی تیا دادەرێژرێت کۆبونەوە کرابو .دوعا مردو رۆحی ئازاد بوو ئەو سەروەریەشی بۆ دەسەلات و بکوژەکانی جێهێشت کەلە 2007دا کچێك لە سایەی ئازادی و حکومەتی خۆماڵی ئەتك کرا.